www.kurdistannet.org
21-3-2002 23:46

هەڵەبجە و گەمەی وتوویژ

حەمەسەعیدحەسەن

لە کۆتایی ساڵی 1983 وە تا سەرەتای 1985 وتوویژ لە نێوان بەعس و (ینك)دا بە ئاشکرا بەردەوام بوو.

لەو ماوەیەدا ڕژێم بە جۆرێ گەمەکەی ناخۆش کردبوو, یەکێتی دەیزانی مەبەستی بەعس لە وتوویژ, تەنیا دەستی پێکردن و خافلاندن و بگرە گاڵتە پێکردنیشە.

کۆپلان لە کتێبی (گەمەی دەوڵەتان)دا دەڵێ: (پێویستە گاڵتە بە ئاوەزی غەریمەکەت بکەی, وەلێ بە شێوازێ کە هەستی پێ نەکا, تا درێژە بە گەمەکەی بدات.) چونکە بەعس بێباکانە و ڕاستەوخۆ گەمەی بە ینك دەکرد, بێهومێدی وای لێ کرد, هانا بۆ تاکتیکێکی کوشندە, بۆ باوەشی ڕژێمی ئێران ببا و بۆ هەموو ئەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆلیدا بوون, پێش لە شکری ئیسلام بکەوێ.

یەکەم چالاکی هاوبەش وەك ینك خۆی بە شانازییەوە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنییەوە بلاوی کردەوە, هێرشێکی دووقۆڵی و (سەرکەوتوو)ی پاسدارانی قەرارگای ڕەمەزان و پێشمەرگەکانی هەردوو مەڵبەندی یەك و دووبوو, بۆ سەر شاری کەرکووك.

بازی گەرمیان و هەڵۆی سوور

پاسدار دەبەنە سەر زەنبوور.

لە دوا (سەرکەوتن)دا, ئێران بە هاوکاریی لایەنە ئیسلامی و کوردییەکان, بە تایبەتی ینك, هەڵەبجەی داگیر کرد. ڕاستە حیزبی بەعس هەر لە یەکەم ڕۆژی سەرهەڵدانییەوە, تۆوی نازیزم و فاشیزمی تێدا بووە, ئەگەر نا لە یەکەمین کۆنگرەیدا, بڕیاری وەرگێڕانی (چەند گوتارێك بۆ نەتەوەی ئەڵمان)ی (فیختە)ی, کە ئینجیلی هیتلەر بوو, نەدەدا, بەلام ئەگەر ینك و لایەنەکانی دیکە ڕێگەی داگیرکردنی هەڵەبجەیان بۆ لەشکری ئێران تەخت و خۆش نەکردبا, حیزبی بەعسی فاشیست بیانووی کیمیابارانی ئەو شارەی دەستگیر نەدەبوو.

ئەوەش کە ساڵانێکە هەڵەبجە لە دۆزەخی ئیسلامدا گیری خواردووە, هەر یەکێکە لە سەر ئەنجامی سیاسەتە چەوتەکانی ینك و ئەو هەڕەشەیەی تازەکی جەلال تاڵەبانی لە دەسەلاتدارانی ناوچەکەی دەکا, وا پێ دەچێ هەر قسەی ڕووت بێ. هەولێر ڕیشە و هەڵەبجە سمێڵ, ینك بۆ ڕیش چوو, لێ سمێڵیشی دانا.